Democratic Party of Iranian Kurdista
Political Bureau

حیزبی دیَموكراتی كوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسی

1388/4/1
2009/6/22

هاونیشتمانانی بەرێز!
خەڵكی خەباتگێری كوردستان!
كۆڕو كۆمەڵە مرۆڤ دۆستەكان!

هەروەك ئاگادارن دوای راگەیاندنی، ئاكامی بەناو هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆك كۆماری لە رۆژی 22ی جۆزەردانی 1388ی هەتاوی لە ئێران‌و دیاری كردنی مۆرەی دڵخوازی وەلی فەقیەو دەست‌و پێوەندەكانی، شەپۆلێكی نارەزایەتی لە سەرتاسەری ئێران‌و لە دەرەوەی ولات دەستی پێكردو لە تاران‌و شارە گەورەكانی دیكەی ئێران خەڵكی نارازی رژانە سەرشەقامەكان‌و بەدانی دروشمی جۆراوجۆر رەوایی ئەم بە نێو هەڵبژاردنەیان خستە ژێر پرسیار.

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران پێش لە دەستپێكردنی ئەم شانۆسازیە، لە بەیانییەكی رەسمیدا بە لێكدانەوەیەكی سیاسی وردو هەمە لایەنە ئەم بە ناو هەڵبژاردنەی تەحریم كردو داوای لە كۆمەڵانی خەڵك كرد بەشداری لەم شانۆگەریەدا نەكەن چوون ئەزموونی رێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران‌و  یاساو رێسا دواكەوتووانەی سیستمی ولایەتی فەقیهی نیشانی داوە كە دەنگی خەڵك‌و ئێرادەی گەل لە لایەن ئەم رێژیمەوە كەمترین بایەخی پێنادرێ.

راست بوونی ئەم هەڵویستە وەراست گەڕاو جارێكی دیكە لەم بەناو هەڵبژاردنە سەركەوتنی كاندیدای دڵخوازی وەلی فەقیە راگەیاندرا. كاندیدایەك كە دەستی لە تیرۆری رێبەری مەزن دوكتور قاسملوودا هەبووەو جارێكی دیكە پەروەندەكەی بۆتە باسی كۆڕو كۆمەڵە نێونەتەوەییەكان. ئاكامی ئەم بە ناو هەڵبژاردنە بۆ ئێمە شتێكی چاوەروانكراو بوو، چونكە لە روانینی ئێمەوە هەڵبژاردنێك بە مانای هەڵبژاردن نەكراوەو نە هیچكام لە كاندیداكان لە بەیان‌و بەرنامەیاندا بۆ گەلی كوردو گەلانی ئێران شتێكی بنەرەتییان باس كردووەو نە ئەو سیستمە دەرفەتی چارەسەری كردنی كێشە ئەساسیەكان لە رێگەی دیالۆگەوە ئەدا، تا لە رێگەی هەڵبژاردنیشەوە خەڵك لە بەرێوەبردنی وڵات بەشداری بكا.

ئاكامی ئەم سیاسەتە چەق بەستوەی رێژیم، كە ئاوا كۆمەڵانی خەڵك وەزاڵە هاتوون‌و لە هەلێك دەگەرێن رق‌و بێزاری خۆیان لەم رێژیمە دەربرن‌و ئەم جوڵانە جەماوەریش كە لەم چەند رۆژەدا دەستی پێكردوە هەر لە بەر ئەم واقعیەتەیە كە  رێژیم دەنگی خەڵكی بۆ گرینگ نیە، هاواری خەڵكیش بەو جۆرە وڵام ئەداتەوە كە لە شەقامەكان دەیبینین‌و لە راگەیەنە جیهانییەكانیشەوە بڵاوكرایەوەو نیشاندرا هێزە سەركوت كەرەكان بە ئەمری وەلی فەقیە چۆن وەگیانی خەڵك كەوتوون‌و بێ بەزەیانە خەڵك سەركوت دەكەن‌و رۆڵەكانی ئەم نیشتمانە وەك دیكتاتۆركانی پێش لە خۆیان شەهید دەكەن‌و رەوانەی چاڵە رەشەكانیان دەكەن، بە تایبەت بە دوای هەرەشەكانی خامنەیی لە نوێژی هەینی رۆژی 29ی جۆزەرداندا، خەڵك لەو هەڕەشانە نەترسان‌و خۆپیشاندانی خۆیان درێژەداو بەمجۆرە رێژیمی وەلایەتی فەقیهی‌و خەڵكی ئازادیخواز بە تەواوی لە بەرامبەری یەكدا راوەستاون.

Democratic Party of Iranian Kurdista
Political Bureau

حیزبی دیَموكراتی كوردستانی ئیَران
**دەفتەری سیاسی**

---

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەك پێشتر هەلوێستی خۆی ڕاگەیاندوە، لەم هەلو مەرجە ناسكەدا جارێكی دیكە، هەڵوێَستی سیاسی خۆی لە پێوەندی بەم خۆپیشاندانەدا ڕادەگەیەنیّو سەركوتی بیّ بەزیانەی خەڵكی ئازادیخوازی وڵاتەكەمان لە لایەن هێزەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە توندی مەحكوم دەكا. لەو سیاسەتو دروشمو هەڵوێستانەش پشتیوانی دەكا كە لە خزمەت دابین بوونی ئازادیو دێموكراسیو فیدرالیزمو پاراستنی بەها ئینسانیەكاندا بیّ. لەم ڕوانینەوە پشتگیری لەم جوڵانەوە جەماوەریە دەكەین كە ئامانجی دوایی گەیشتنی گەلانی ماف پێشێل كراوی ئێران بە سیستمێكی دێموكراتو فیدراڵ بیّو كۆمەڵانی خەڵك بۆ یەكجاری لە دیكتاتۆریو كۆنەپەرەستی ڕزگار بكا.

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجەیش پشتیوانی لە خەڵكی ڕاپەریوی وڵاتەكەمان دژی ڕێژیمی دیكتاتۆری كۆماری ئیسلامی ئێران دەكاو لەو باوەرەدایە بۆ پاشەكشە كردن بە ڕێژیمی دیكتاتۆری كۆماری ئیسلامی:

- ئەركی كۆروو كۆمەڵە مرۆڤدۆستەكانی جیهانە كە پشتیوانی لە داوای ڕەوای خەڵك بكەنو ڕێگا بە كۆماری ئیسلامی نەدەن زیاتر لەوە سەركوتو تاوان بەرێوە بەریّ.
- هەموو زیندانییە سیاسییەكان لە سەرتاسەری ئێران ئازاد بكرێن.
- گرفتی سەرەكی، یاسای كۆنەپەرەستانەی كۆماری ئیسلامییە، بۆیە دەبیّ یاسای بنەرەتی هەڵ بوەشێتەوەو یاسایەكی دێموكراتیكو دادپەروەرانەی جێی پەسندی گەلانی ئێران جێگای بگرێتەوە.
- هەروەها داوای چاوەدێریی كۆرو كۆمەڵە مرۆڤدۆستەكان بۆ دابینبوونی ئاسایشی گیانی چالاكانی سیاسیو مەدەنی دەكەین.

حیزبی ئێمە لە سەر هەڵوێستی شیاو شایستەی پێدادەگریتەوەو داوا لە هێزە سیاسیەكانی ئێرانیو كوردستان دەكا بە لێكدانەوەیەكی وردو سیاسیانەو دور لە كەوتنە داوی لایەنەكانی پێوەندیدار بە سیستمی ولایەتی فەقیەوە كە تەنیا بیر لە پاراستنی ڕێژیمو بەرژەوەندیەكانی خۆیان دەكەنەوە هەڵوێست بگرنو هەروەها بە هاوكاریو خەباتی هاوبەش لە ڕووی بەرنامەیەكی دیاریكراو، لەم ڕەوتە پشتگیری بكەن. مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلان لە پێناوی خەبات بۆ گەیشتن بە مافەكانیان نیشانی داوە بە یەكگرتوویی بە ئامانجەكانیان دەگەن.

بە هیوای هاتنە دیی ئێرانێكی دێموكراتیكو فیدراڵ
نەمان بۆ ڕێژیمی دیكتاتۆری كۆماری ئیسلامی
سەركەویّ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی